# چەند کورتە شیعرێکی کەیوان میهرەگان

**لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی**
**(تاران)**

١

خودا
ئاسمانی دابەش کرد
هەتاو بۆ تۆ و
تۆش مانگی من.

٢

تا تۆ دەگەیت
کەناسەکە گسکی داوم
گەڵاکان لەکاتی وەریندا
چاوەڕوان نابن.

٣


نە مانگ
نە ئەستێرە
تەنیا چاوەکانی تۆ دەتوانن
تا ئەم ڕادە زۆرە جوان و ئارام بن.

٤

کە دەڕۆیت بۆ دارستان
گۆچانم بۆ بێنە
بێ تۆبوون پیرم دەکات.

٥

موسافیرانی کەعبە
نەبوونە حاجی و گەڕانەوە
خودا بە دوای تۆدا
ماڵەکەی بە جێ هێشتووە.



٦

هیچکام لەنامەکانت
نەگەیشت بەدەستم
بەڵام خۆشت دەوێم
دەستە مرەکەباوییەکانت
درۆ ناکەن.

٧

خودا کام ئایەتی دابەزیوی
بە تۆ سپاردووە
کە هەر کەس دەتبینێت
دەبێتە کافر.

٨

من و شەو
جادەمان بە جێ هێشت
لەکۆتایی ڕێگاکەدا
شەو
خۆری لە ئامێزگرت و
منیش
جێگای بەتاڵی تۆ

٩

کاتێک تۆهەیت
من غاییبم
کاتێک من هەبم
چاوەڕوانی ئامادەیە
تۆ لە من تەنیا تری

١٠

من بەدگومانم لە با
کە دەگات بە تۆ
دەبێتە شەماڵ

١١

ئاوێنەش زانی
بیرتەکەم
کاتێک دەگات بەمن
جێگای بەتاڵی تۆم نیشان دەدات

١٢

ئەم ماڵە پرسەدارە
وەستاکەی غەمگین بوو
کاتێک خشتەکانی هەڵدەچنی.

١٣

هات
ڕۆیشت
من مامەوەو
ئەو جادەیەی کە بە دوای ئەودا دەڕوات و
بێکۆتایە.

١٤

ئامێزم
جێگای هەموو ئاوارەکانی دنیایە و
تۆ
تاقانە ئاوارەی ئامێزی منیت

کەیـوان میهـرەگان، شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس و فیلمساز، ساڵی ١٩٧٩ لە شاری شائابادی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە دایک بـووە. لـە مێردمناڵییـەوە، لـە شارەکەی خۆیـەوە دەبێتـە پەیامنێری بەشی منداڵان و مێردمناڵانـی ڕۆژنامــەی «ئێرانـی لاو» لـە تـاران. دواتـر دێتـە تـاران و لە چەندان ڕۆژنامەدا کاردەکات و دەبێتـە بەڕێوبـەری نووسـین و سەرنووسـەری چەنـدان ڕۆژنامــەی گرنـگ و تـا ئێسـتاش لەگـەڵ چەنـدان ڕۆژنامــەدا هــاوکاری هەیــە و کاردەکات، لەوانــەش، ڕۆژنامــەی «شــەرق»، «روزگار»، «ئیعتیمــاد»، «ســەرمایە»، «کارگـزاران».

ساڵی دوو هـەزار و نـۆ، یەکـەم کتێبـی شـیعری بـە ناوونیشـانی «تـۆ و جـادە دەسـتتان کـردووە بەیەکـدا»، لـە خانــەی چـاپ و بـڵاو کردنــەوەی پایـان بـڵاو بووەتــەوە. دوو سـاڵ دواتــر دووەم کۆمەڵـە شـیعری بـە ناوونیشـانی «دەمـم بۆنـی گوڵـی مەریـەم دەدات»، لـە لایـەن خانـەی چـاپ و بـڵاو کردنـەوەی «مروارید»ەوە بـڵاو کرایـەوە و لەلایـەن خوێنـەران و ڕەخنەگرانـەوە پێشـوازییەکی زۆری لێ کرا. ساڵی دوو هەزار و سێزدە، سێیەمین کتێبـی بـە ناوونیشـانی «عاشـقی ئاشـکرابوو» لـە لایـەن خانـەی چـاپ و بـڵاو کردنـەوەی (سـالس) ـە وە بـڵاو بـووەوە. دوو سـاڵ دواتـر و لـە لایـەن هەمـان بڵاوکـەرەوە، کتێبـی «مـن بـە بێدەنگییـەوە مرۆڤـم»ی بڵاوکـردەوە و جارێکـی تـر بـوو بە مایەی سـەرنجی خوێنەرانـی شـیعر و ئارەزوومەندانـی ئەدەبییـات. تـا ئەمـڕۆ شـەش کۆشـیعری بـڵاو کردووەتـەوە و زۆر لـە ڕەخنەگرانی دیـاری ئێرانـی دەربـارەی بەرهەمەکانـی نووسـیویانە و ستایشـیان کـردووە. لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـوردوودا لەسـەر نووسـینەکانی لـە ڕۆژنامەکانـی ئێرانـدا چەنـد جارێـک خراوەتـە بەندیخانـە و سـزای قورسـی بەسـەردا سـەپێنراوە و کتێبەکانـی قەدەغەکـراون.

تـا ئێسـتا چەنـدان فیلمـی کـورت و درێـژی بەڵگەنامەیـی دروسـت کـردووە و لـە فیسـتیڤاڵە ناوخۆیـی و نێودەوڵەتییەکانـدا بەربژێـری خـەڵات بـووە. لـە وانـەش فیلمـی «سیاوەش لـە ئاگردا»، دەربـارەی ژیـان و کار و بەرهەمەکانـی هونەرمەنـدی گـەورەی ئێرانـی (محەمـەد ڕەزا شەجەریان)ـە.

کەیـوان میهـرەگان ئێسـتا لـە تـاران دەژی و سـەرقاڵی نووسـین و فیلـم دروسـتکردن و بەرهەمهێنانـی سـینەماییە.

**سەرچاوە:**

**دهانم بـوی گل مریم مـی دهـد، کیـوان مهـرگان، چـاپ اول. ١٣٩٠، انتشـارات مروارید، تهران.**